# له ئێمه نییه ئەو كەسەی قورئان بە دەنگێکی ئاواز وخۆشەوە نەخوێنێت

له ئەبی لوبابه بەشیر کوڕی عبد المنذرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «له ئێمه نییه ئەو کەسەی قورئان بە دەنگێکی ئاواز وخۆشەوە نەخوێنێت».
[صەحیحە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا ئامۆژگاری کردووە بە خوێندنی قورئان بە دەنگ وئاوازێکی خۆش، وئەم وشانە دوو واتایان هەیە: 1/ ئەوەی بە ئاوازەوە نەیخوێنێت، واتا: بە دەنگێکی خۆشەوە قورئان نەخوێنێت، 2/ هەرکەسێک قورئان بەس نەبێت بۆی وداوای هیدایەت لە شوێنێکی ترەوە بکات؛ ئەوا ئەم کەسە لە ئێمە نییە، وئەمەش هەڕەشەیەکی توندە کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمە لە تاوانە گەورەکانە، وبێگومان ئەوەی داوای هیدایەت بکات لە شوێنێکی ترەوە جگە لە قورئان (پەیامی ئیسلام) ئەوا ئەو کەسە گومڕایە پەنا بە خودا، بۆیە ئەم فەرموودەیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ پێویستە لە کاتی خوێندنی قورئان هەوڵبدات دەنگی خۆش بکات، وقورئان بەس بێت بۆی وهەوڵبدات شوێنی ئاینە پوچ وبەتاڵەکان بکەوێت وخۆشی دەنگی بەکاربهێنێت بۆ خوێندنەوەی کتێبەکانیان، یان خۆشی دەنگی بەکاربهێنێت بۆ وتنەی گۆرانی و ڕستەی دوور لە ڕەوشت وئاکاری بەرز.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6276

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee